www.kurdistannet.org

10-10-2006 21:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ یەکەمجار دادگایی ئانرات بە بێ عەلی ڕەحیمی بەڕێوە چوو .. عەلی مەحموود محەمەد




ئەو پیاوە سەر سپییە سەردەشتییە بۆ یەکەمجار لە ناوەڕاست ساڵیی 2002 لە پرۆسەی دادگایی نەزار حەزرەجی ناسیم، هەر زوو بوو بە هاوڕێم، لەوەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ مێژووی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت و سەردەشتییەکان پەیدا کرد، بەهۆی ئەوەوە عومەر خاوەرەکەی سەردەشت و گیا ڕەنگییەکانم ناسی.

کە پرۆسەی دادگاییکردنی ئانرات هاتە پێشەوە، لە چرکەکانی یەکەمەوە تاکو ئەو ڕۆژەی کەوتە نەخۆشخانە بە شوڕو شەوقەوە لە گەڵدا بوو، 17 خولی دادگایی ئانرات لەوانە بوو یەکەم کەس دەگەیشتە بەردەرگای دادگا و دوا کەسیش بوو بەجێی دەهێشت، دەتووت باری ئەو دادگاییە بە کۆڵی ئەووەیە، ڕۆژێك نەبوو لە هیچ خولێکیدا ئامادە نەبێت، بە تەمەنێکی زۆر و بە نەخۆشییەوە هەر سەرەی دەیان (کم) ی دەبڕی، کەسیش نەبوو فلسێکی بۆ بگەڕێنێتەوە، هەموو جارەکانیش وێنەکانی دەستی کە گوڵدانی وێنەی قوربانیانی سەرجەم کوردستان بوو لەسەری نووسرابوو " سەردەشت، هەڵەبجە، زەردە، گۆپتەپە، شێخ وەسانان " بە دەستەوە بوو ، ئەو وێنانە بەردەوام لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەی بوو، ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندن نەماوە لەم جیهانە لێیان بڵاو نەکردبێتەوە، ئەمڕۆ ئەو وێنانە بۆتە بەشێك لە هێمای کوشت و بڕی بە کۆمەڵی گەلەکەمان.

ڕۆژی دوو شەممە 9-10-2006 کە گەیشتمە بەردەم دادگای شاری لاهای، کەسێك نەبوو لە دوورەوە بە خەندەکەی بۆ خوناو بمانهێنێتە پێکەنین، بەردەم دادگا سارد و سڕ بوو، ئەوەندەم بۆ کرا هەنسکی گریانەکە قووت بدەمەوە، هیوادارم دڵە گەورەکەی مام عەلی ڕەحیمی ڕێگای بدات لە نەخۆشخانە دەربچێت بۆ 23-10-2006 لەبەردەم هۆڵی دادگا بە خۆی و وێنەکانی و خەندەکەی شاد بینەوە.